# مێژووی جزیر

نووسین: حسێن جزیری

نووسینەوە بە سۆرانی: ئازاد کەریمی



**ڕوونکردنەوە:**

ئەم بابەتەم لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٥دا  واتە ڕێک بیست ساڵ پێش ئێستا نارد بۆ گۆڤاری "پیام کردستان" یان بە کوردی "پەیخامی کوردستان" لە مەهاباد. بەتەما بووم چاپ بکرێ و دەسخۆشانەیەکی گەر و گوڕیشم لێبکرێ، بەڵام بیستم هەر لەو هەفتەدا بە بڕیاری دادگە ئەم گۆڤارە داخرا و لەبیرم نایێ کرابێتەوە دیسان.

ئێستا لە نێو ئارشیڤەکەمدا بینیم و پێم باشبوو بینێرم بۆ کوردیپێدیا بۆ ئارشیڤ کردن.

لەگەڵ ڕێزمدا:

ئازاد کەریمی

٠٢/دێسەمبەر ٢٠٢٥- دراممێن، نۆرویژ

ئەم بابەتەم ناردوە بۆ گۆڤاری پەیامی کردستان لە مەهاباد
بەڵام هەر لەو هەفتە دا گۆڤارەکە لەلایەن دادگە وەداخرا !

[redacted]

## مێژووی جزیر

کاتێ گەردەلولی نۆح لە دنیادا هەستا، هەموو شوێنێك کە وتە ژێر ئاوەوە و هیچ جێگەیەك بۆ وەستانی کەشتیەکەی نۆح (س) نەمابووەوە. هیچ چیایە)ك لە بەرچاوی نۆحدا سەری نزم نە ئەکردەوە کە گەمیەکەی نوح لە لووتکەکەیدا بوەستێنێ. ڕووی کردە جوودی وتی: مەگەر تۆ سەری خۆت بۆ من دانەوێنی! جودی ووتی: بۆ مەگەر من ئەوەندە سەرفەرازم کە گەمیەکەی تۆ بە سەر مندا بحەوێتەوە؟!...

چیای جوودی سەری خۆی نزم کرد و کەشتیەکەی حەزرەتی نۆحی لە سەر خۆیدا حەواندەوە. هەندێ کەس ئەڵێن هەشت و هەندێکی تر ئەڵێن هەشتا کەس لەکوڕان و دۆست و برادەرانی حەزرەتی نوح بۆ یەکەم جار لە (هەیشتان) کۆبوونەوە و درێژەیان بە ژیانی خۆیان داد. دوای ئەوە هاتن شاری شەرنەخ (شاری نەخ = نۆح) یان ئاوەدان کردەوە. پاشان هاتن و شاری جزیریان بنیات کرد و لەوێدا مانەوە.

تۆفانی نەبی نۆح لە قورئانی پیرۆزیشدا باسی کراوە. قورئان سەبارەت بە شوێنی حەوانەوەی گەمیەکەی حەزرەتی نۆح ئەفەرمێ فەرمانی خودا بەم جۆرە ڕاگەیشت:

ئەی زەوی ئاوەکەی خۆت قووت بدەرەوە، ئەی ئاسمان ئاوەکەی خۆت ڕابگرە.

فەرمانی خودا بە جیٚهات و ئاو دوایی پێ هات کەشتی لە سەر چیایی جوودی ڕاوەستا. (سوورەتی هوود، ئایەتی ٤٤).

بە پێی گومانە قاییمەکان نۆح هەتا کاتی دوایی هاتنی ژیانی خۆی لەجزیردا ماوەتەوە. لە بەر ئەوەی مەزارەگەی ئەم پیەغەمەرە لە جزیرا بۆتانە. بە پێی ئەو بەڵگەنامانە کە لە لایەن ئاسەوارناسەکانەوە گەییشتوەتە دەستمان وا دەرئەکەوێ شاری «جزیر» شارێکی مێژوویی‌یە.

جزیر لە مێژووی خۆیدا کەوتوەتە دەستی گەڵی حوکمدار و خەڵکی جۆراوجۆرەوە. بەڵام هیچ کات وێران و ئاوەڵا نەبووە. جزیر لە پێشدا لەژێر دەسەڵاتی گۆتیەکاندا بوو. دوای ئەوە کەوتە ژێر دەستی ئاشوور، ئیمپراتوریای مەد، پارتەکان وە هەتا گەییشتە سەردەمی ئیسلام و بوو بە بەشێك لە وڵاتانی سەربە دەوڵەتی ئیسلامی و لە سەردەمی خەلیفەی دووهەم حەزرەتی عومەردا دەستی بە سەردا گیرا.

## ناوی جزیر

جزیرە عومەر، جزیرە توشەرەش (شەرەف) و جزیرا بۆتان. هەر حکومەتێك کە دەستی بە سەر جزیر داگرتوە ناوی خۆی بە سەردا سەپاندوە. جزیر بە واتای دوورگەیە لە بەر ئەوەی کە ڕووباری دجلە جزیری گەمارۆ داوە. جزیرە سەردەمێك لە دەستی بۆتیەکاندا بوە، هەر بەو هۆیەوە پێی ئەڵێن جزیرا بۆتان، کە بە سۆرانی پێی ئەووترێ جزیری بۆتان. جزیر لە سەردەمی عوسمانیەکان، لە ساڵی ١٨٣٥دا کەوتە نەخشەی جوگرافیای سیاسی میرنشینی بەدرخان بەگەوە. میر بەدرخان بەگ لە ساڵی ١٨٧٠ دا لە شاری شام واتە دیمەشق کۆچی دوای کردوە.

دوای ئەم میرە بە ناوبانگە کەسێك بە ناوی میر ئەزدینشێر و دوای ئەویش سەرۆکی عەشیرەتی «میرا» مستۆیێ میری هاتوە. مستۆیی میری مرۆڤێکی نەخوێندەوار بوو بە ڵام میرێکی زیرەك و لێهاتوو بووە و بە زوڵم وستەمکاری ناوبانگی دەرکردوە. میریەتی (امارت)ی جزیر لە پاش هەموو مێرشینەکانی تری کوردستان لە ناوچووە.

جزیر لە مێژوودا لە لایەنی ئەویندارییەوە بە ناوی «مەم و زین» و لە لایەنی زانستی و پێشکەوتن خوازەیەوە بە «ئیسماعیل ئەبولیز» ناسراوە. جزیر لە مێژوودا بە قەبارەی تایبەتیەوە ناودارە. حەساری شاری جزیر بە چەشنی گەمیەکەی حەزرەتی نۆح درووس کراوە و دوو دەروازەی لە خۆوە گرتوە، دەروازەی دەشت و دەروازەی بەر ئاو.

هەروەك ووترا حەساری جزیر بە فۆرمی کەشتی درووس کراوە کە واتە ئەو دوو دەروازە لە لووتکە و دەماخەی کەشتیەکەدان. بەرزایی دیواری جزیر ١٥–١٤ مەترە. پانتاکەیشی ٢ مەترە. هەموو حەسارە کە لە بەردی براوی تاشراو پێك هاتوە. هەتا ئێستا هەشت برجی ئەم حەسارە بە ساخی ماوەتەوە.

حەساری جزیر زۆر جاران کاول کراوە بەڵام دیسانەوە دروس کراوەتەوە. لە ناو ئەم دووبارە ئاوەدان کردنە وانەدا ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە شێوازی کۆفی بە سەر بەردەکانی حەسارەکەدا نووسراونەتەوە، گۆتیەکان لە باکووری جزیردا قەڵای ئەم شارە یان ئاوەدان کردوەتەوە.

پاشکۆی زیندان و برجی ئەم قەڵا ماوەتەوە. بەو برجە ئەڵێن «برجا بەلەك» و لەکاتی خۆیدا ٣٦٥ کۆنگرە «مەزەلە»ی هەبوە. لە ڕۆژهەڵاتی جزیردا پردی «پیرایافت» هەیە. هەندێ کەس ئەڵێن. یافت کوڕی حەزرەتی نۆحە و ناوەشی بە گوندێك لە تەنیشت هەمان پرددا بەخشیوە و جگە لەو پردە بەو گوندەش ئەڵێن پیریافت. بەڵام ئەو پردە لە سەردەمی حەزرەتی عومەردا بنیات کراوە. لە سەر ئەوپردەدا هەشت تاق و دوازدە برج دروس کراون.

گرینگی و سەرنج ڕاکێشی ئەم پردە لەوەدایە کە لە ساڵدا کە دوازدە مانگە، لە سەرتای هەرمانگدا، کاتێ مانگ هەڵبرێ لە پێش یەکێ لەم برجانەدا ڕائەوەستێ.

لە ساڵی ١١٥٩ی ئایینیدا بە بڕیاری مەودودخان کوڕی ئیمامەدینی زەنگی پردی دەشت یان «پرادەشتێ» لە باشووری جزیردا بینا کراوە. جگە لەوەش مزگەوتێکی مەزن کە بە مێکوت لە سەردەرکی خۆیدا بەندکراوە ناوبانگی داوەتەوە. ئیسماعیل ئەبولیز بە دەستی خۆی لە سەر ئەم مێکوتانە وێنەی شێر و باڵندە و گیانداری تری نەخشاندوە. تەنانەت ئەم مێکوتانە بوونەتە هێمای شاری جزیر.

لەجزیردا ئاسەواری چەن دێرو هەیوان و کۆشك ماوەتەوە. کۆشکەڵە لە سەر ڕێگەی شرنەخ دایە و لە ناویدا وێنەی بووك و زاوایەك کە سواری ئەسپێکن نەخشێنراوە کە زۆر سەرنج ڕاکێشە. دانیشتوانی جزیر بۆ سەیران سەردانی ئەم کۆشکەڵە و دێرو ئاسەوارە کۆنەکانی تری ئەم شارە ئەکەن.

جزیر لە بواری زانستەوە زۆر پێشکەوتوو بووە. لە مێژوودا بێشکەی پروەردەکردنی خوێندکاران و قوتابیان بوە. گەلێ خوێندنگای تێدا درووس کراوە و گەلێ ماموّستای پیّگەیاندوە. مەدرەسەی سوور کە بە ناوی (مدرسه‌الحمرا) بە فەرمانی میرشەرەفخان بینا کراوە، مەدرەسەی عەبدالّ (١٤٣٧.ز) کە بە دەستووری میر عەبدال کوڕی میر عەبدوڵا سەیفەدینی بۆتی درووس کراوە و گوڕی مەم و زین لە حەوشەی ئەم مزگەوتە دایە و هەروەها مەدرەسەی سلێمانیەو مەدرەسەی مەجیدیەش خاوەن پلەیەکی بەرز و شیاون لەم شارەدان. هەروەك پێشتر باس کرا جزیر لانکی پەروەردەیی بووە و کەسانی وەك ئیسماعیل جەزەری (١٢٣٣– ١١٥٣ زایین) کە بۆ یەکەم جار لە جیهاندا ڕۆبۆتی دروس کردوە و هەروەها کاتژمێری ئاوی و کاتژمێری مۆمی داهێناوە و ئیبنولئەسیر ئەلجزیری (ابن اپیر) کە لە ساڵی ١١٦٤ی زایینی کۆچی دوایی کردوە و مێژوونوسێکی هەرە پایە بەرزە و کەسانی تری وەك شێخ ئەحمەد جزیری، شێخ سەیدا و سەید عەلی فندکی، لە زانایان و کەسایەتیە بە ناوبانگەکانی جزیرن. شێخ ئەحمەد جزیری (مەلایێ جزیری) بە دیوانە هێژاکەیەوە ناسراوە و ماموّستا هەژار لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە زاراوەی کورمانجی ژوورەوە هێناویەتە سەر زاراوەی کورمانجی خواروو.

کنجیّ ل شێخ شال و قوماش — کنجیّ ل سوّفی چادرە
زانــا دزانــە ئــەو کیــــە — یّی کـەر دبێژە کافرە

سەید عەلی فندکی بە دیوانە کەیەوە ناسراوە:

عەلـی ڕابە وەهـانابـە — ب حیـل و پیلاچیّ نابە
عەمر بۆری مرن هابیّ — چرە تەدبیرەکی ناکی؟

جگە لەو چەن کەسە پایە بەرزە کە ناویان برا کەسانیتریش هەن بەڵام ئێمە ئەم کەسانەمان گوڵبژێر کرد.
لە سەرەتای بابەتەکەدا باسی ئەوەمان کرد کەجزیر بە هۆی ئەوینی «مەم و زین»ەوە دەنگی داوەتەوە. ئێمە ئەتوانین باسی پیاوماقوڵانی ئەم شارەش بکەین کە زۆر نوکتەباز و حازرجواب بوون. بۆ وێنە کەسایەتی بە ناوبانگ «عەبدی ئاغا» (١٨٥٢.ز) کە بە ڕەئیسیّ خورتا (سەرۆکی لاوان - سۆرانی) ئەناسریّ یەکیّ لەو کەسانە بوە ڕەئیسیّ خورتا هەتا بڵەی کەسێکی لە خۆ مەمنون و لە خۆبایی بوە. هیچ کات خۆی نە ئەخوراند! هەموو بەیانیەك خۆی ئەشوت و ڕۆژیّ دووجار جلی ئەگۆڕی! هیچ کات پاڵی نەئەدا بە پاڵپشتەوە، زۆر زانابوو، وەڵامی هەموو قسەیەکی لە گیرفاندا هەبوو.
لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینْدا دەوڵەتانی تورکیا و فەرانسە لە سەر دیارکردنی هێڵی سنوور پێك نەهاتن. نوێنەری فەڕانسە ئەیووت: با هەتا «هەسپستیّ» لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بمێنێتەوە بەڵام نوێنەری تورکەکان ئەیووت: ئێمە ناهێڵین ئێوە لە «ئاندڤر» دەرباز بن. بەمجۆرە هەر دوو لایەن لەسەر ئەم ناوچە لە کوردستان ناکۆك بوون و پێك نە ئەهاتن. لەئاکامدا ناچار بوون بڕیار بدەن و بڵێن: با لە جزیرا بۆتانەوە مرۆڤێکی زانا بێت و ئەم کێشە ببڕێتەوە. بانگیان لە ڕەئیسیّ خورتا کرد، هات و بەم چیرۆکەوە قسەی دەس پێکرد: ڕۆژیّ ژن و پیاوێك پێکەوە دانیشتوون. ژنەکە لە مێردەکەی پرسی: «پیاوەکە تۆ چەندە منت خۆش ئەوی؟» پیاوەکە ووتی: «من لە سەر تا بە پێی تۆ بخۆم تێر ناخۆم ... دەی ئێستا تۆ بڵی چەندە حەزت لە منە؟». ئەم جارە ژنەکە وەڵامی داوە و وتی: «منیش ئەگەر لە پیّ هەتا سەری تۆ بخۆم لە تۆ تێر ناخۆم!».
پیاوەکە بە ژنەکەی خۆی ووت: نا! کچی نا!. نە تۆ لە خوار تاسەری من بخۆ و نە من لە سەر تا خواری تۆ ئەخۆم. با ئێمە لە ناوقەددا بە یەك بگەیینەوە!».
دوای ئەم چیرۆکە سنووریان هەر لەو شوێنەدا دیاری کرد کە نوێنەرانی هەر دو لایەن تێیدا کۆ ببونەوە و کێشە کە کۆتایی پیّهات.
جزیر لە شوێنێکی قووڵدایە. لە ڕۆژاوادا چیای جوودی‌یە و چەمی دجلەش هەر لەو ئاستەوە بە خوڕەمی بە قەراغ شارەکەدا تێپەڕ ئەبیّ. لە باوکوورەوە چیای «گابار»ە و لە باشووریشدا سنووری سوریایە. جزیر بە هاویندا زۆر گەرمە. ئەگێڕنەوە: «هەرکەس بە هاویناندا لە جزیر بمێنێتەوە لە ڕۆژی مەحشەردا ناچێتە دۆزەخ!» هەروەها زستانێکی زۆر ساردی هەیە، بەڵام بەهاری جزیر وەرزێکی خۆش و دڵڕفێنە. هەرکەس بەهاری جزیری بینیوە ناڵیّ: خۆزگە بەهەشتم بینیبایە!.
خەڵکی جزیر لە وەرزی بەهاردا نیوەی کاتی خۆیان بە گەشت و سەیرانەوە ڕا ئەبوێرن و ئەچنە: قەسریك، ئاندابۆریّ، ساکلێن، شکەفتان، جەحفەر سادق و بانی جرف.
خەڵکی جزیر حەزیان لە خواردنی دۆڵمە و کەریاو «کەل و پیّ»یە. هەر کەس لەجزیر لە دایك بێت و ئەو چێشتانەی نەخواردبیّ و پاشان بمریّ نابیّ بە خۆی بڵیّ جزیریم!.

**نووسین بە کورمانجی : حسەین جزیری. (گوڤاری تیگریس - دیاربکر - سالی سێهەم - ژمارەی ١٢ - مایس/حەزیران ٢٠٠٣)**
**نووسینەوە بە سۆرانی: ئازاد کەریمی/*Dec.2005***

*Emile:* [redacted]